
مامۆستا ئەنگلا

لە کۆرسی پێشووتری فێربوونی زمانی سویدیدا، کەوتمە پۆلێکەوە کە قوتابییەکانی خەڵکی پۆلەندا، پیرۆ، ئەمریکا، کەنەدا، ئۆستڕالیا، سلۆڤینیا، چین، فلیپین، ڕوسیا، ئێرانی( فارس)، کچێکی فەیلی کە دووبرای لە ساڵی 980 ەوە بێ سەروشوێن کرابوون، کچێکی بادینی و عەرەبێکی خەڵکی دیوانییە،بوون. مامۆستاکەشمان کە شارەزاییەکی باشی هەبوو لە ڕاهێنانی قوتابییانی پەناهەندەدا بۆ فێربوونی زمانی سویدی، لە دووهەفتەی یەکەمدا دەیویست بەوە زمانمان بکاتەوە کە بەسەرە بڵێین ناومان چییە؟ لەکام وڵاتەوە هاتووین؟ لەوڵاتی خۆماندا چ کارە بووین؟من لەو خۆ ناساندنەدا دەکەوتمە دووای هەردوو کچە کوردەکەوە، ئەوان بە عێراقی خۆیان ناساند، منیش هەر ئەوەم لێ چاوەڕوان دەکردن، چونکە کچە فەیلییەکە هەر خۆی بە برادەری کچە ئێرانییەکە دەزانی و، زۆریشی کەیف بە فارسی قسە کردنەکەی دەهات ، کچە بادینیەکەش چونکە دەیگووت لە میسلێ مەزن بوومە، ئەوا هەر بە عەرەبی قسەی دەکرد، لەکاتێکدا کوردییەکەشی زۆر باش بوو،کە من وتم لە کوردستانەوە هاتووم، هەردوو کچە کوردەکەو فارسەکە بەدەنگەوە پێکەنین، بەڵام کە من وەدەنگ هاتم و، بە کوردی تێمڕاخوڕین بۆ بەناوی کوردستان پێدەکەنن، لەپێشدا فارسەکە بێدەنگی نواندو، مامۆستاش حاڵی بوو کە گرژییەك هەیە، بۆیە هەمومانی بێدەنگ کردەوە.



لەگەڵ هاتنی سەری ساڵی تازەشدا هەمان مامۆستا وتی هەریەکێکتان لەسەر تەختە ڕەش بە زمانی زکماکتان سەری ساڵ پیرۆز بکەن، کچە فەیلییەکە بە فارسی، کچە بادینییەکە بە عەرەبی و، منیش بە کوردی بەهەردوو ڕێنووسی

عەرەبی و لاتینی سەریساڵمان پیرۆز کرد. پرسیارم لەهەردوو کچەکە کرد وتم زۆربەی قوتابییەکان زیاتر لە زمانێك یان دووان دەزانن ، کەستان بینی جیا لە زمانی خۆی بە زمانێکی تر بنووسێت؟ بۆ ئێوە بە کوردی نەتان نووسی؟.

لە کۆرسی تازەی ئەمسالیشدا جیا لە هەمەڕەنگی قوتابیان و ئەو ولاتانەی کە



لێوەی هاتوون، ئێمەش چوار کوردین ، کە یەکێکیان کچێکی سەقزییە، لە خۆناساندنی ئەمساڵدا هەر چوارمان خۆمان بە کوردستانی ناساند،بەڵام مامۆستا لێی دەپرسین کەلەکام بەشی کوردستانەوە هاتووین، زیاتر لە هەموو قوتابییەکانی تر پرسیاری زۆری لە ئێمە کرد، کە ئایا ئێمە بەشە جیا جیاکانی کوردستان لێك حاڵی دەبین یان نا؟.مامۆستا لەتەنیشت ناوی هەر قوتابییەکەوە ناوی وڵاتەکەشی دەنووسی، هی ئێمەی نووسی کوردستان، پێشی وتین:

هیوادارم خەبات بکەن و، وڵاتەکەتان بکەنەوە یەك و بە ئازادی تێیدا بژین.

دەردی بێ دەوڵەتی بە کوردانی هەندەرانەوە زۆر دیارە، چونکە ئینسان بەردەوام پرسیاری ئەوەی لێدەکرێت کە خەڵکی کام وڵاتە و، وڵاتەکەی کەوتۆتەکوێی دنیاوە؟

بەڵام مامۆستا (ئەنگڵا) ی بەڕێز ئەو هیوا خواستنەی تۆ کە تەنیا لەڕوانگەیەکی ئینسانیەوەیە، بۆ ئێمە زۆر سەخت و دژوارە کار بکەین هیواکەی تۆ بەیەکخستنەوەی چوارپارچەی ولاتمان بێتە دی، چونکە تا ئێستاش کوردی وا هەن لە ئەورووپادا خۆیان بە کوردستانی ناناسێنن و بە ناوی کوردستانیش پێکەنینان دێت.

چالاك محەمەد

سوید